رۆنالدۆ خۆشاتۆکی نایابی پێدرا

رۆناڵدۆ خۆشاتی گینسی پێدرا وەک خاوەنی زۆرترین بردنەوەی نێودەوڵەتی لە مێژوودا.

پێش دەستپێکی یاریەکەی پورتوگال و دانیمارک لە قۆناغی چارەکی کۆتایی نەیشنز لیگ، کریستیانۆ رۆناڵدۆی پورتوگالی لە لایەن نوێنەرانی کتێبی گینس خۆشاتۆکی نایابی پێدرا.

رۆناڵدۆ ناوی چووە ناو کتێبی گینسەوە وەک یەکەم یاریزان لە مێژوودا کە خاوەنی زۆرترین بردنەوە بێت لەسەر ئاستی هەڤبژاردەکان، بەو مەبەستەش خۆشاتۆکەی پێبەخشرا.

کریستیانۆ رۆناڵدۆ خاوەنی 132 بردنەوەیە لە 218 یارییدا لەگەڵ هەڤبژاردەی پورتوگال، ئەمەش زۆرترین ژمارەیە لە نێو هەموو یاریزانەکانی ئێستا و رابردوو.

ژمارە پێوانەییەکەی رۆناڵدۆ بە بردنەوە لە دانیمارک بەرزبووەوە بۆ 133 یاری لە 219 یارییدا، ئەمە جگە لەوەی دۆن بۆ تۆمارکردنی 136 گۆڵ خاوەنی زۆرترین گۆڵ بۆ هەڤبژاردەی نیشتیمانیی لە

مژوودا.